# نرخی دیموکراسی لەهەبوونی ئۆپۆزیسیۆندایە

ڕێکار ئەحمەد



دیموکراسی وەك هەرچەمك و زاراوەیەکی دیکە لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ هێنراوەتە ئاراوە. ئەگەر بە دەستەڵاتی گەلیش لێکدرابێتەوە بۆچوونێکی ڕێژەییە، دەنا دیموکراسی جگە لەدەستەڵاتی زۆرینە بەولاوە شتێکی دیکە نیە ئەو زۆرینەیەش بەنوێنەرایەتی لەبەرانبەر کەمینەدا جڵەوی فرمانڕەوایی لەدەست دەگرێ. دیموکراسی دەستەڵاتی زۆرینەیە، بەڵام کاتێ ئازادیەکانی کەمینەش فەراهەم دەکات و ڕێگە لەبەردەم هەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕاستین دەکاتەوە، چەمك و واتاو سەنگایی بەخۆی دەبەخشێ. بەبێ هەبوونی ئەو ئۆپۆزیسیۆنە نرخ و واتایەك بۆ دیموکراسی و پرۆسەی دیموکراتیزەکردن نامێنێتەوە. سەرەکیترین هەوێنی دیموکراسی هەبوونی ڕۆژنامەوانی و دەربڕینی ئازادە. کەچی هەندێ لەوڵاتانی ڕۆژهەڵات و ئیسلامی پاساوی ئەوە دەهێننەوەو دەڵێن ئەگەر هەندێك لەڕۆژنامەو میدیاکان دەمکوت نەکەین، بێبەندو باری لەنێو کۆمەڵگە بڵاو دەبێتەوەو پیرۆزیەکانی ئاییینی و نەتەوەیی ژێر پێ دەخرێن. ئەو حکومەت و سەرکردانەی بەو بیانۆیەوە ڕێگری لەرامانی ئازادو ڕۆژنامەوانی ئازاد دەکەن، گەرەکیانە چەواشەکاری درێژە پێبدەن و تەمەنی دەستەڵاتی خۆیان و هەزری دەمارگیری و توندڕۆیی نەتەوەیی و ئاییینی و تاکڕەوی پەرەپێبدەن و مافی بەرانبەر زەوت بکەن.

کاتێ باسی ڕۆژنامەوانی ئازاد بکرێ، دەبێ مقەسی سانسۆڕو سانسۆرچیەکان کول و کورت بکرێنەوە. هەواڵەکان سانسۆر نەکرێن. جەماوەر ئازادو ڕاشکاوانە هەواڵ و زانیارییەکان بگۆڕنەوە، لێکدانەوە جۆراوجۆرەکان بەئاسانی وەدەست بێنن و بێ باکانە بەدوای زانیاری و هەواڵ و ڕامانی جیاوازەوە بڕۆن.

کاتێ باسی ڕامانی جیاواز دەکرێ، مەبەست لەپەسندکردنی بەرانبەرە. دەبێ گوێ لەبەرانبەر بگیرێ، گلەیی و ڕەخنەو گازاندەو بۆچوونەکانی نەیاران ڕەت نەکرێنەوەو دوژمنایەتیان نەکرێ. بەو کارە مرۆڤ لەرامان و بۆچوونی دیتران ئاگادار دەبێتەوە. لێکدانەوەیان بۆ دەکات و شرۆڤەیان دەکات. دەکارێ باشترین بەرنامەو لەبارترین پرۆژەو گونجاوترین ڕێگەو سەرکەوتووترین سیاسەت لەوانی دیکە هاوێر بکات. مرۆڤ خۆی سەرپشك دەبێ کامیان بەڕەواترو سەرکەوتووتر دەخەملێنێ. ناکرێ بەبیانۆی ناراستبوونی ڕامانەکانەوە ڕێگە بەرتەسك بکرێتەوە. دەکرێ هەر هێندە بڵێین کە ئەو ڕامانانە چەواشەکارییان تێدا کراوە. ئەو هەواڵانە هەڵبەستراون و بەدرۆ ڕازانراونەتەوە. ئەگەر سورڕبزانین کە فڵانە دەزگای ڕاگەیاندن، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، ڕۆژنامە، کەناڵی ئاسمانی و ئاژانسی دەنگوباس درۆ دەکەن، نابێ ئەو ڕێگەیان لێبگیرێ، چونکە شێوازی دیکە بۆ بەدرۆخستنەوەیان هەیە. ئەویش خستنەڕووی بەڵگەی ڕاست و دیکۆمێنتی باوەڕپێکراوە. چونکە تۆمەت هەڵبەستن و ڕەتکردنەوەی بەرانبەر بەبێ هیچ بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو تاوانێکی دژ بەدیموکراسییە، لەیاسای ئازادییدا سزای خۆی هەیە.

کاتێ زۆرینەی گەل خوێندەوار نەبن و دەستیان بەهۆیەکانی ڕاگەیاندن ڕانەگات و هەوڵی هۆشیارکردنەوەی خۆیان نەدەن، تێگەیشتن لەدیموکراسی و دیموکراتیزەکردن بەسەخت و دژواری دەمێنێتەوە. پرۆسەکە پێچاوپێچی زۆرتری تێدەکەوێ. دەستەڵات و سەرکردە تاکڕەوەکان لەپانتاییەکی بەرفراوانتردا کایە دەکەن، ئاسانتر دەتوانن خاپاندن و فریودان و چەواشەکاری درێژە پێبدەن. هەڵبەت تەواوی گەندەڵی و ساختەکاری و پێشێلکاریەکانی مافی خەڵکیش لەو نێوەندەدا ئەستوور دەبن و دەق دەگرن.

کاتێ سیاسەت بازی لەئاست داخوازیەکی ڕەوای گەلێکدا دەکرێ و بەئەنقەست ئاوەژوو دەکرێتەوەو ڕێگە نادرێ خواستە بگوترێتەوە، نەك هەر ناڕەوایەتی لەدیموکراسی دەکرێ، بەڵکو دەمارەکانی خۆسەپاندن و پاوانخوازی و تەفرەدان هەڕەشەیەکی ئاشکرا لەچارەنووسی کۆمەڵگەدا دەکەن.

لەهەر کۆمەڵگەیەکدا ئەگەر زۆرینەی خەڵك نەخوێندەوار بوون، چینی ڕۆشنبیران دەستە مۆکرابوون، نووسەرو ڕۆژنامەوانانیش بەرژەوەندخوازو قەڵەمفرۆش بوون کارەساتێکی گەورە ڕوو لەکۆمەڵگە دەکات. دەستکەوتە سەرابیەکان گەورە دەکرێنەوە. سەرکردە خۆسەپێنەرەکان پیرۆز پێشان دەدرێن. حزب و بەرپرسە تاڵانچیەکانی گرەو دەبەنەوەو تەمەنیان درێژ دەبێ و ڕەوشەکەش دژوارو ترسناکتر خۆیا دەبێ.

ئێمە دەزانین سیستەمی پەروەردەو فێرکردن لەوڵاتی ئێمەدا لەئاستی پێویست دانیە. دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە، ناوەندەکانی ڕۆشنبیری و براڤەکانی ڕۆناکبیری لەلایەن دەستەڵاتدارانەوە دەستیان بەسەردا گیراوە. ئامادەکاری پێویست بۆ زانست و زانیاری و گۆشکردن و خۆ ڕۆشنبیرکردن لەئارادانیە، کەواتە دەبێ دان بەو ڕاستیە دابنێین کە دیموکراسی بەشێوازی هاتۆتە ناو کۆمەڵگەی ئێمەوە. پرۆسەی بەدیموکراسیکردن لەسەر شێوەی ڕۆیشتنی کیسەڵ ڕێگەی گرتووە، ئەمەش دەخوازێ گیانبازی و فیداکاری لێبڕاوانەتر دەخوازێ.

لەڕەوشێکی ناجێگیرو ئاڵۆزو شڵەژاودا، دەستەڵات دەتوانێ زۆر بەئاسانی تەنگژەو قەیران و گرفتی کۆمەڵایەتی و سیاسی جۆراوجۆر دروست بکات و قوتیان بکاتەوە. زۆر بەئاسانی دەتوانێ جەماوەر دەنێو خەمەکاندا نغرۆ بکات. بۆ تێپەڕکردنی ئەو ڕەوشەو گۆڕینی بۆ باشتر دەبێ بپرسین: ئایا هێزەکانی دەرەوەی دەستەڵات بۆ دروستکردنی پێگەی ڕای گشتی و بۆ چالاککردنی بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی چ هەنگاوێکیان هەڵێناوەتەوە؟!. تا چەند شیانی ئەوەیان هەیە کاریگەری لەسەر ڕووداوو پێشهاتەکان دابنێن؟!.

ئەگەر لەم سۆنگەیەوە ڕەوشی هەنووکەیی باشووری کوردستان بخوێنینەوە، دەبێ بپرسین: ئایا لەکاودانی ئێستای کوردستاندا کامە پارت و ڕێکخراو دەتوانن لەژێر گوشاری ترس و برسدا نەچەمێنەوەو شێلگیرانە درێژە بەکاروانی تێکۆشانی خۆیان بدەن و هەوڵی کۆکردنەوەی جەماوەری ناڕازی بدەن؟!.

لەم قۆناغەدا کە دەستەڵات سەرسەختانە لەپێناو پاوانکردنی گۆڕەپانەکە هەواڵەکانی خۆی چڕ دەکاتەوە. بۆ گوشاری برسیکردن تەواوی تواناکانی ئابوری لەبەر دەستدایەو بەکاری دەهێنێ، بۆ سەپاندنی دەستەڵات و گوشاری ترساندن تەواوی هێزی پۆلیس و ئاسایشی لەژێر دەست دایەو دوودڵی لێناکات، لەڕەوشێکی ئاوادا ئەو هێزانەی کە دەیانەوێ قایم ڕابووەستن و سەربەخۆیی سیاسی خۆیان بەدەستەڵاتداران نەسپێرن، دەگمەن دەبن. ئەو ڕۆژنامەو ڕۆژنامەوانانەی کە دەیانەوێ ئازاد بن و بەبێ سانسۆر هەواڵ و ڕووەداوەکان پێشان بدەن و ڕامانی ئازاد بگەیەنن کەم و دەگمەن دەبن. کارو چالاکیەکانیشیان سنووردارو پڕ گرفت و ئاستەنگ دەبێ.

ئەگەر پێمانوابێ بەشێوازی بەرتەسککردنەوەی چالاکییەکانی ئۆپۆزیسیۆن و گەورەکردنەوەی گوشارەکان، ڕەوشەکە تاسەر لەبەرژەوەندی دەستەڵاتداران و حزبەکانیان دادەبێ و ئەوان دەتوانن ئاشتی و ئارامی و ئاسوودەیی بەدی بێنن، دەبێ بزانین کە سەرچێغ بۆ سیاسەت و لێکدانەوە زانستیەکان ڕۆیشتووین. مێژوو ئەو ڕاستیانەی سەلماندووە کە هەرگیز لایەنێك یان چەند لایەنێك ناتوانن وەڵامگۆی داخوازیەکانی جەماوەری بەرفروانی کۆمەڵگەیەك بن. لە سایەی ئەو ڕەوتانە کە تەواوی گۆڕەپان بۆ خۆیان بەڕەوا دەبینن و پاوانی دەکەن، هەرگیز ناتوانرێ پرۆسەی بە دیموکراسیکردن دەستی پێبکرێ و بەرەو پێشەوە ببرێ.

دیموکراسی تەنیا بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن و پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەت نیە، بەڵکو هەبوونی ئۆپۆزیسیۆن نرخ و سەنگایی بەدیموکراسی دەدات. دەستەڵاتدارو ئۆپۆزیسیۆن بەیەکەوە دراوی دیموکراسی پێکدەهێنن و بەهای ڕاستینی پێدەبەخشن. ئەگەر دەستەڵاتی کوردستان مەبەستی ئەوەبێ کە دیموکراسی بەرقەرار بکات، بەرەو بەدیموکراسیکردنی هەنگاو هەڵبگرێتەوە، دەبێ ڕاستگۆیانە لەگەڵ چەمك و چالاککردنی پرۆسەی دیموکراسیدا بێتەوە. گوشار نەخاتە سەر ئۆپۆزیسیۆن و ڕێگەکانی لێ بەرتەسك نەکاتەوەو هەوڵی خنکاندن و پوکانەوەی نەدات. دەبێ حکومەت بە بودجەی حزبە ڕێگەپێدراوەکان دابچێتەوەو ئەو نابەرابەری و ناهەقیە نەهێڵێ کە بەرانبەر بەو لایەنانە پەیڕەو دەکرێ کە نەبوونەتە بەشێك لەدەستەڵات و پێشتریش بەشێك نەبوون لەسەنگەری شەڕی نێوەخۆ. بۆ وەدەستهێنانی هەواڵ و زانیاری و بەدواداچووندا دەبێ دەرگەکان بەڕووی ڕۆژنامەو ڕۆژنامەواناندا کراوەو لەسەر پشت بن.

2006-6-4

rekarahmed@hotmail.com

# ڕۆژئاوا چاوەڕوانی وەڵامی ئێران دەکات

لەگەڵ ئەوەی کە "حافیز سۆلانا" بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئەورووپا، گەڵاڵەی پێشنیارکراوی وڵاتانی ڕۆژئاوای بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ئەتۆمیی بۆ ئێران بردووە، کارناسانی ڕاگەیاندنە گشتییەکانی ئەمریکا ئەگەری وەڵامدانەوەی حکومەتی ئێران تاوتوێ دەکەن.

ئەم ڕاگەیاندنانە مەترسی ئەوەیان هەیە، کە باڵەتوندڕەوەکانی نێو دەسەڵات لەبەردەم هەر چەشنەسازشێکدا لەگەڵ ڕۆژئاوا لەمپەڕ پێك بێنن. سەرەڕای ئەوەی کەسەرکۆماری ئێران بەڵێنی بەخەڵك داوە کە ئەنجامی دانوستاندنی بەرپرسانی وتووێژکاری ئەتۆمی بەئاگاداری خەڵك بگەیەنێ، بەڵام ژمارەیەك لەکارناسانی سیاسی لەسەر ئەو باوەڕەن کە پێدەچێت لەنێوان ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران ناکۆکی بنەڕەتی لەئارادا هەبێت.

هەفتانەمەی تایم لەژمارەی ڕۆژی 5ی حوزەیرانی خۆیدا سەبارەت بەقەیرانی ئەتۆمیی ئێران بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە، تایم نووسیویەتی: لەدانوستاندنە ئەتۆمییەکاندا، کەسایەتیی سەرەکی و بەبڕشت ئەحمەدی نەژاد نییە، بەڵکو ئەوە "عەلی لاریجانی" یە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لەپێوەندی دایەو پێکەوە سەبارەت بەم مەسەلەیە دوایین بڕیار دەردەکەن.

لەم ڕووەوە، بەپێی هەڵسەنگاندنی هەفتەنامەی تایم، باڵەکانی تری نێو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران، وەکو باڵی ئەحمەدی نەژاد هەر لەئێستاوە هەڕەشەدەکەن کە نابێت لەپشت پەردەوە لەگەڵ ئەمریکا بەرێککەوتن بگەن. لێکۆڵەری هەفتەنامەی تایم لەسەر ئەو باوەڕەیە کەسازش لەلایەن حکومەتی ئێران و ڕاگرتنی پیتاندنی یۆرانیوم لەئارادایە، بەڵام وەکو پێش مەرج نا، بەڵکو وەکو ئاکامی وتووێژەکان. بۆ گەیشتن بەم ئاکامەش، ئەمریکا دەبێت لەماوەی وتووێژەکاندا ڕەوایەتی سیاسی کۆماری ئیسلامی ئێران قەبوڵ بکات.

دژاورترین خاڵی جێی ناکۆکی ئەوەیە کە ئەمریکا تەنانەت پیتاندنی یۆرانیوم لەپێوانەی بەرتەسکیش زۆر بەزەحمەت قەبوڵ دەکات، چونکە ئەم بڕە لەپیتاندنی یۆرانیۆمیش، لێکۆڵینەوەو دەست پێڕاگەیشتن بەزانستی ئەتۆمی لەخۆ دەگرێت و دەتوانرێت لەداهاتوودا بەمەبەستی تر سوودی لێوەربگیرێت. ئەگەر بێتوو هەر دوولا سەبارەت بەپیتاندنی یۆرانیوم لەپێوانەی کەم و لەژێر چاودێری بێ شەرت و مەرجی ڕۆژئاوادا بەرێککەوتن بگەن. شانسی سازش و چارەسەکردنی قەیرانی ئەتۆمیی ئێران پەرەدەستێنێ.

"کۆندالیزا ڕایس" وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی ئاماژەی بەوەکرد کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی لەهەوڵی بەدەست هێنانی سووتەمەنی ئاشتیخوازانەدابێت، حکومەتی ئەمریکا ئەم مافە بۆ ئێران بەرەسمی دەناسێت. گرنگترین هۆکارێك کە ئەورووپا کە پێیدادەگرت تا ئەمریکاش لەگەڵ وڵاتانی وتووێژکار لەگەڵ کۆماری ئێران پەیوەست بێت ئەوەبوو کە تەنیا ئەمریکا دەتوانێت گەرەنتی ئاسایشی بدات، بەڵام ئەمریکا تەنیا لەکاتێکدا دەتوانێت ئەم گەرەنتیانە تاوتوێ بکات کە لەبەرانبەردا کۆماری ئیسلامیش ئەو گەرەنتیە بەڕۆژئاوا بدات کە لەڕۆژهەڵاتی ناڤیندا پشتیوانی لەتیرۆریزم ناکات. هەر ئەم مەسەلەیە، واتە پشتیوانی لەحیزب اللە، بزووتنەوەی حەماس و ڕێکخراوەکانی تری فەلەستینی، یەکێك لەگرینگترین خاڵەکانی جێی ناکۆکی نێوان باڵەکانی توندڕەوو باڵەکانی پراگماتیستی ناو دەسەلاتی ئیسلامی ئێرانە.

هەرچەندە پێشتر جێگری عەلی لاریجانی گوتبووی کۆماری ئیسلامی ئامادەیە سەبارەت بەکێشە ئاسایشیەکان لەعێراق، ئەفغانستان، لوبنان و سوریە لەگەڵ حکومەتی ئەمریکا وتووێژ بکات، بەڵام ڕوون نییە ئاخۆ ئەمە ڕوانگەی سەرجەم باڵەکانی نێو کۆماری ئیسلامییە یان نا؟.

هەروەها ڕۆژنامەی نیویورك تایمز لەژمارەی 5ی حوزەیرانی خۆیدا ڕەزامەندی کابینەی "جۆرج بووش"ی بۆ وتووێژی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەسیایەتێکی ژیرانە وەسف کردووەو نووسیویەتی: وەڵامی کۆماری ئیسلامی تەنانەت ئەگەر نێگەتیڤیش بێت بەقازانجی حکومەتی ئەمریکایە چونکە ئەم حکومەتە دەتوانێ لەنێو قەیرانی ئەتۆمیدا پێوەندی و یەکگرتوویی خۆی لەگەڵ ڕوسیە، چین و هاوپەیمانە ئەورووپاییەکانیدا پتەوتر بکات، لەبەر ئەوەی ئەم یەکگتوویە بۆ بڕیارەکانی دواتری ئەنجوومەنی ئاسایش پێگەیەکی گرینگ و تایبەتیی خۆی دەبێ.

**ئەم گوتارە لە ماڵپەڕی ڕادیۆی ئەڵمانیا وەرگیراوە.**

سەرچاوە: WWW2.dw-world.de/persian

# دزیش خاوەن ماڵ دەگرێ

فەرمان محەمەد

لەم ڕۆژانەدا بەرێکەوت سەرم لەماڵپەڕی بایباك WWW.BAYBAK.COM کە ماڵپەڕێکی ئازەریەکانەدا. بابەتێکی سەیر سەرنجی ڕاکێشام. بەسەردێڕێکی گەورە نووسرابوو (هێرشی کوردە فاشیستەکان). ئەوەندەی من مێژووم خوێدۆتەوە، هەمیشە نەتەوە سەردەست و داگیرکەرەکان هێرشیان کردۆتە سەر نەتەوەی کوردو خاکی کوردستانیان داگیرکردووە. هەرگیز کورد پەلاماری نیشتیمانی دیترانی نەداوە. کورد نەدەوڵەتی سەربەخۆی هەیە تا بگۆترێ فاشیستەو نەتەوەکانی دیکە دەچەوسێنێتەوە، نەڕۆژێ لەڕۆژانیش هێرشی کردۆتە سەر نەتەوەکانی دیکەو داگیری کردوون، ئەی باشە ئەم ناونیشانە لەچییەوە سەرچاوەی گرتووە؟!. نووسەری بابەتەکە زۆر هێرشی ناڕەوای کردۆتە سەر نەتەوەی کوردو وای پێشان داوە کە دەوڵەتی ئێران هانی کورد دەدات تا تورکەکان لەو ناوچانەدا دەربکەن و بیکوردێنن. ئەو زۆر دڵڕەقانە نکۆڵی لەهەبوونی کورد لەئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا (ورمێ) دەکات و دەنووسێ: لەهەندێ گۆشەو کەناری ئازەربایجان چەند گوندی کوردنشین هەن. دانیشتووانی ئەو گوندانە خۆیان بەئازەربایجانی دەزانن. زمانی تورکی دەزانن و قسەی پێدەکەن. هیچ جۆرە مەیل و سۆزێکیان بۆ نەتەوەی کورد نیە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر کوردی بیانی ئێستا لەناوچەکانی سەرسنووری ئازەربایجان و تورکیا نیشتەجێ کراون. بەبۆچوونی زۆر لەخەڵکی ناوچەکەش ئەو کوردانە ساڵی 1992و 2003 لەعێراق و تورکیاوە- لەئاکامی هەردوو شەڕی نێوان ئەمریکاو عێراق هەڵاتوون و هاتوونەتە ناوچەکە. 200 هەزار کەس لەو کوردانە ئامادە نەبوون بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و لەخاکی ئازەربایجاندا بەپشتیوانی دەوڵەتی ئێران ماونەتەوە. ئەو کوردە بیانیانە ئازاری خەڵکی ناوچەکە دەدەن. کاتێ کوردانی دانیشتووی ئەو گوندانە بەکوردانی بیانیان گوتووە ئێرە ئازەربایجانەو بڕۆن لەکوردستان ڕێپێوان بکەن، سەربازێك و کەسێکی دیکەیان لێ سەر بڕیون. نووسەر بەیت و باڵۆرەی ئەوە لێدەدات کە ئەو کوردە بیانیانە لەساڵڕۆژی ڕفاندنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستاندا زۆر دڕندانە هێرشیان کردۆتە سەر خەڵکی شارەکانی ماکۆو بازرگان، ماڵ و دوکانی تورکانیان ئاگر تێبەرداوە. زیانیان بەسەرو ماڵی خەڵك گەیاندووە. ئەو نووسەرە پانتورکیزمە نووسیویەتی: چەند سەد کەسێك لەکوردانی بیانی کە ئەسڵەن خەڵکی ئێران نین لەگۆڕەپانی شاری ماکۆو بازرگان کۆبوونەتەوەو جنێویان بەتورك و تورکیاو ئەمریکا داوەو بێڕێزیان پێکردوون. دواتر لەخۆڕاوە دەستڕێژیان لەخەڵك کردو دەیان کەسیان لێ شەهیدو بریندار کردوون.

پێویست ناکات سەرتاپای بۆچوونی ئەو نووسەرە شەن و کەو بکەین، بەڵام کاتێ مرۆڤ ئەو بابەتە دەخوێنێتەوە دەیان لێکدانەوەی سەیر لەمێشکیدا هەڵدەشاخن. ئایا ڕاستە لەگۆشەو کەناری ئازەربایجانی ڕۆژئاوا تەنیا چەند گوندێکی کوردان هەن، ئەو کوردانەش خۆیان بەئازەربایجانی دەزانن و مەیل و سۆزیان بۆ نەوەی کورد نیە؟!. ئایا دەوڵەتی ئێران ئیجازەی داوە 200 هەزار کورد لەعێراقەوە بێن و بەمەبەستی گۆڕینی دێمۆگرافی لەئازەربایجانەو نیشتەجێبن؟!. ئایا کوردی ئاوارە چۆن توانیان بچنە ناو شارەکان و ڕێپێوان بکەن؟!. ئایا چەند سەد کەسێك دەتوانێ هێرش بکاتە سەر بازاڕی دوو شاری ماکۆو بازرگان؟!. باشە ئەو کوردانە ئەو چەکانەیان لەکوێ هێناوە، وا بەبێ منەت تەقەیان لەخەڵکی تورك کردووە کوشتویانن؟!.

سەرتاپای نووسینەکە لەسەر درۆ هەڵچنراوە. تەواوی ڕاستیەکانی ئاوەژوو کردۆتەوە. چونکە ئەو باش دەزانێ کە تورکی ڕەگەزپەرست جینۆسایدی ئەرمەنییەکانی بەڕێوەبردووە، هەزاران هەزار کوردیان ڕەشەکوژی کردووە. ئێستاش ئامادەنین دان بەکوشتاری ئەرمەنییەکان بنێن و ئامادەش نین هەبوونی نەتەوەی کورد قەبوڵ بکەن.

سەرنجڕاکێشترین بڕگە ئەوەیە کە نووسیویەتی: 200 هەزار کورد لەعێراقەوە هاتوون و دەوڵەتی ئێران بەمەبەستی وەدەرنانی تورك لەو ناوچەیە نیشتەجێی کردوون و مەبەستیش گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکەیە. لەسەرێکی دیکەوە ئەگەر سەرنج لەبڵاوکراوەی بەرەی تورکمانی عێراق بدەی، ئەوانیش بانگەشەی ئەوە دەکەن کە 200 هەزار کورد لەئێرانەوە هێنراونەتە کەرکوك و نیشتەجێکراون و مەبەستیش گۆڕینی دیمۆگرافیای شارەکەیە. مرۆڤ سەری لەبانگەشەی تۆرانیەکان سوڕ دەمێنێ، ئاخر چۆن دەکرێ لەم سەردەمە کە سەردەمی جیهانگیری و ئینتەرنێتە درۆی وا گەورە بەمەبەستی شێواندنی ڕای گشتی وڵاتان بهۆنرێتەوە. وا دیارە تۆرانیەکان لەهەر جێگەیەك بن وەك یەك فرچك دراون. فێرکراون کە بانگەشەی ئەوە بکەن 200 هەزار کورد لەدەرەوەی سنوور هێنراونەتە ناوچەی ئەوان و نیشتەجێ کراون. ئەوان خۆیان باش دەزانن بەر لەچەند سەدەیەك لەمەگۆلستان و تەتەرستانەوە هێرشی دڕندانەو داگیرکاریان دەست پێکردو هاتن خاکی کوردانیان داگیرکردو بوون بە خاوەن ماڵ. ئەمڕۆ ئەوان خەڵکی ڕەسەنی نیشتیمان بەبیانی و دەرەکی دادەنێن و هاواری ئەوە دەکەن کە ڕەگەزپەرستان هێرشیان دەکەنە سەرو دەیان کوژن. لێرەدا ڕاست ئەو پەندە کوردیەمان دێتەوە یاد کە دەڵێ تا خاوەن ماڵ دزی گرت، دز خاوەن ماڵی گرت و قەرزاریشی کردەوە.